ڤلادیمیڕ

سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: گوڵاڵە نوری

دارشتنەوە و دەرچووواندنی: بورهان ئەحمەد

پێداچوونەوەی: سەردار زەنگنە

کەرکوك - ۲۰۱۱

ناوی کتێب: ڤلادیمیڕ سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی
بابەت: وەرگێڕان
وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: گوڵاڵە نوری
تایپ: سەردار زەنگنە
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووك ژمارە (۱۳۸)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم- ۲۰۱۱
تیراژ: (۵۰۰) دانە

لەجیاتی پێشەکی.

– فیسۆتسکی ناناسی؟

– فیسۆتسکی کێیە ؟

بێئاگاییم دەربارەی فیسۆتسکی بەس بوو بۆ ئەوەی (سفیتلانا) ی دەستە خوشکم بەرانبەر بە ناساندنی ئەو، هەست بە بەرپرسیارێتی بکات، بۆ ئەو مەبەستەش میوانداری کردم و وتوویژ دەربارەی ئەو هاتە ئاراوە، وەك ئەوەی من شتگەلێکی زۆرم بەهۆی نەبوونی زانیاریم دەربارەی ئەو لەدەست دابێت، بەتایبەتیش، کە ئەو دەیزانی منیش شیعر دەنووسم، کاتێك سالیادی پۆژی لە دایك بوونم نزیك بووەوە، بەو بۆنەیەوە خۆی کچەکەی (دینا) تاقە نامیلکە شیعرییەکەی (دەمارەکان) و CD و هاوسەرەکەی (مارینا فلادی)، کە دەربارەی ژیانی هاوسەرێتیان بوو، بە دیاری پێی بەخشیم.

لەسەر پێگەی ئەلکترۆنییەکانی پوسیا بەدوای ئەودا گەڕام، ئەو دەربارەی ئەو خوێندمەوە، خەرمانی زانیارییەکانمی زیاتر کرد، خۆشم ویست و عاشقی بووم،

چەندین پۆژم بە خوێندنەوەی ئەوەوە بەسەربرد، بە دریژایی دووسالْ پۆژانە دەمخوێندەوە، هەتاکو ئێستەش لێی بێزار نەبوومەو بۆ هەتا هەتاش لیْ بێزار نابم.

بۆچی بە زمانی عەرەبی یاخوود بە زمانی کوردی ئەو نەخوێنینەوە؟ لەبەرچی وەرگێڕەکان هەر تەنیا بە وەرگێڕانی ئەو شاعیرانەی سەر بە یەکێتی سۆڤییەت بوون خۆیان سەرقالْ و خەریك کردووە؟ یان ئەوانەی (فیسۆتسکی) یان خوێندەوە، چۆن درکیان بەوە نەکرد، کە دەبیْ ئێمە دەربارەی ئەو زانیاریمان هەبیْ و وەك چۆن شاعیرە پوسیەکانی ترمان ناسیوە، دەبێت ئەمیش بناسین.

لەسەروبەندی گەڕانم لە ئەنترنێتدا هەندێ شیعری باشی وەرگێڕاوی ئەو، کە لەلایەن (د. نبیل الشاوی) وە وەرگێڕابوون، خوێندەوە، هەربۆیە داوام لە بەڕێزیان کرد ڕێگەم پێبدا فیسۆتسکی وەربگێڕم و نیازی خۆمیشم نیشاندا بەوەی دەمەوێ کتێبێك دەربارەی ئەو لەچاپ بدەم، ئەویش پێشوازی لێکردم و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی هەردوکمان هاوبەشین لە خۆشەویستی شاعیر و هونەرمەندێکی باڵای روسی و پێشی وتم : شیعرەکانی فیسۆتسکی و و گۆرانییەکانی پێویستیان بە زیاتر وەرگێڕێك هەیە بۆ ئەوەی داهێنان و کەسایەتییەکەی ئەو ناوداره ڕوومالْ بکەین، هەربۆیە کتێبێك بە زمانی عەرەبی دەربارەی فیسۆتسکی و ئەو شیعرانەی من وەرمگێڕاون و ئەو شیعرانەشی دکتۆر بورهان شاوی وەریگێڕاون دەگرێتەخۆ.

بڕیارێك، کە دابووم بۆ وەرگێڕانی فیسۆتسکی بۆ سەر زمانی کوردی، لە ڕاستیدا بە فعلی ئەنجام نەدەدرا، ئەگەر شاعیری کورد بورهان ئەحمەد نەبوایە، کاتێك پێشنیاری ئەوەم لێکرد، کە بەشداری گۆڕینی فیسۆتسکیم بۆسەر زمانی کوردی لە گەڵدا بکات، ئەو بەشێوەیەکی لەبەرچاو بەشداری داڕشتنەوەی دەرچووانی لە بەرگیداوە،

وەرگێڕاوە کوردییەکەی کرد، چونکە ئەو پێشتر هەندێ لەو شیعرانەی بە زمانی عەرەبی نووسیی بووم ، وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی و هەربۆیە ئامادەیی و هاوکاری ئەو بۆ داڕشتنەوەی لەبەرگیراوە کوردییەکەی گرنگ بوو، دیارە ئەمەش بە تەنها بەمن نەدەکرا، کە نوسخە کوردییەکەی تەواو بکەم، ئەگەر گیان بەخشی ئەو بۆ داڕشتنەوە و دەرچووانی قەسیدەکان و هەوڵ و کۆششەکانی نەبوایە ئەم کتێبەی وەك ئێستە لە بەردەستدایە بە چاپ نەدەگەیشت و دەرنەدەچوو.

г.Бад Эльстер, Германия, 1948 г.

هەروەها ئەو وردبینەی، کە ڕۆژنامەڤان و نووسەر (سەردار زەنگنە) بۆ ئەم کتێبە کردی، گەلێك پێویست بوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو، کە پێکەوە فیسۆتسکی شاعیر بە خوێنەری کورد ئاشنا بکەین.

هەربۆیە من لەوە دڵنیام، کە خوێنەری کورد دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە فیسۆتسکی لەلادا خۆش دەبێت، چونکە ڕۆحی ئەو نزیکە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە شوێنێکدا بن.



هەربۆیە دەبینین ژیان شیعرەکانی ئەو گۆڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، ئەوەی شایەنی وتنیشە ئەوەیە، فیسۆتسکی هاوڕێەکی کوردی هەبوو بە ناوی (بابیك سیرۆش)، کە خەڵکی کوردستانی ئێران بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ بەهۆی شیوعی بوونی باوکییەوە بە ناچاری

خانەوادەکەیان ئێرانی بەجیهێشتووە، ئەو کات تەمەنی بابیك هەشت ساڵان بووە، پاشان بەرەو ئەلمانیای ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە و ناسنامەی ئەو وڵاتەیان پێبەخشراوە، وەلێ بابیك دەبێتە گەورەترین بازرگان لە بواری پیشەسازیدا و دەربارەی ئەو دەوترێ، کە وەك (سیخوور) بەسەر پیشەسازییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و بۆ بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤییەت کاری کردووە، بۆ دەربڕین لەو پەیوەندییە بەهێزو گیانییەی، کە لە نێوان هەردوکیاندا هەبووە، فیسۆتسکی لە ساڵی ١٩٧٨ قەسیدەیەکی بۆ بابیك نووسیوە، کە پاشان لە ساڵی ١٩٩٢ بە شێوەیەکی گوماناوی و نادیار، کۆچی دوایی دەکات، ئەو کۆپلە کورتەی، کە لە ژێر ناونیشانی (بابیك سیرۆش) دا بۆ ئەوی نووسیوە، بەم شێوەیەیە:

بابیك
بەو ناوەی
نووقمی دێرینی بووە
لە جیهانی مرۆڤایەتیدا دەژێ
(بابیك سیرۆش) هاوڕێ باشەکەم
دەوڵەمەندی بەسەر ڕۆحماندا هەڵدەکا
ئەمەش دەوڵە مەندییەکە
لەسەرووی گشت سامانەکانەوەیە.

دەشێ لە داهاتوودا پڕۆژەی دیکەی لەم جۆرە لە گەڵ بورهان ئەحمەدی شاعیردا ئەنجام بدەین و شیعرەکانی دیکەی فیسۆتسکی وەربگێڕین و لە گتێبێکی دیکەدا بە چاپیان بگەیەنین، یاخوود شیعری شاعیرانی تری رووسی، ئەوانەی لە دەرەوەی شاعیرانی کلاسیکی ڕوسین، یان ئەو شاعیرانەی، کە تاکو ئێستە ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە و هەتاکو ئێستەش جیگای سەرنجی ئێمە نەبوون.
ئەم کتێبە سەرگووزشتەیەکی دریژ دەربارەی کەسێتی و ژیانی ڕۆشنبیریی و هونەری و دەوڵەمەندی ئەو بە ڕووداوو یاخی بوونییەکانی لە دژی دەسەلآت و مل نەدانی بە هیچ شتێك لەسەر حیسابی ئایدیا و بیروباوەڕی و هونەرەکەی دەگرێتە خۆ، هەربۆیە لێرەدا ئەم پێشەکییە کورت دەکەمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی لە گەڵ فیسۆتسکیدا بژێ...

گوڵاڵە نوری

ڤلادیمیر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی
ئەو شاعیرەی یەکێتی سۆڤیەتی نیگەران کردوو
ملیۆنێك ڕوسی بەکفنێکی ڕەشەوە بەخاکیان سپارد

لە (٢٥) ی تەممووزی ١٩٨٠ ، بەناوبانگترین شاعیری ڕوسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا، کە بەشاعیری (خۆشەویستی گەل) ناسرابوو، کۆچی دوایی کرد، سالانە لە سالیادی کۆچکردنیدا خەڵکی ڕوسیا دەچنە سەرگۆڕەکەی، سەرەڕای ئەوەی، کە هیچ پەرتووك و نامیلکەیەکی شیعری لە چاپ نەدابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێگای سەرسامی گشت ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سۆڤیەت بوو، وەك هەندێ سەرچاوە ئاماژەی پێدەکەن، ئەو زیاتر لە (٧٠٠) شیعر و گۆرانی تۆمار کردبوو.

دەنگی بەرهەڵستکاری بوو، لێ بەرهەڵستکارێکی گومڕاو و دابڕاو نەبووە، ڕوسییەکی ڕەسەن بوو، بۆیە دەزگە ئەمنییەکان وەك شاعیرو گۆرانیبێژ پێی قایل نەبوون، ئەو تەنها وەك ئەکتەرێك لە ڕژێمی سۆڤیەتدا ناسرا، خاوەنی

هیچ نووسینگەو نازناوی فەرمی و میدیایی نەبوو، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە نازناوی (دەنگی دڵی گەلە) ی پێبەخشرا، وەك هاوڕێ دڵسۆزەکەی (میخائیل چبمیاکین) دەڵێت" (ئەو تەنیا ڕۆڵەی ئەم ولاتە بوو، لە ناخەوە ڕوسی بوو، ڕۆڵێکی گرنگی ڕامیاری هەبوو، چونکە لە گۆرانییەکانیدا دژ بە هێزی شەڕانگیز و ئەو سستمە ناشرینە بوو، کە ئەوی تێدا لە دایك بووبوو !!

هاوەڵێکی نزیکی دەگێڕێتەوە:

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، دەتوانین بڵێین، کە هیچ ماڵێکی ڕوسی نەبوو کۆپی گۆرانی و شیعرەکانی ئەوی تێدا نەبێت، سەرەڕای ئەوەی ئەمە هیچ پێشوازییەکی هونەری و تەکنیکی بەبەرهەمەکانی نەبەخشی، وەڵ لەگەڵ ئەمەشدا تەڵی گیتارە ئاساییەکەی و دەنگە زوڵاڵەکەی بە ڕۆحی ڕوسیانەوەی تا دەهات گۆرانی و شیعرەکانی لەدڵ و گیانی خوێنەران و گوێگرەکانی قوولتر دەکردەوە.

ئەو شاعیر و ئاوازدانەرو گۆرانیبێژی هۆنراوەکانی خۆی بوو، ڕەوانبێژی هۆنراوەکانی لەگەڵ ژەنینی گیتارەکەی تەواو گونجاو بوون، بەم جۆرە سترانە دەوترێ (Ballad – بەڵاد)، هەروەها ئەو ئەکتەرێکی بەتوانا بوو لە سەر شانۆدا، بەتایبەتی لە نمایشکردنی ڕۆڵی (هاملێت) دا،

له بواری سینەما بە هەمان شێوە، ئەکتەرێکی لێهاتوو بوو، له فیلمه سینەماییەکانی ڕوسیادا ڕۆڵی له (٣٢) فیلمدا بینیوه، له بواری مۆسیقاشدا، بەژەنیاری ناڵینی لێدانی دڵی نەتەوەی ڕوسیا لە قەڵەم دەدرێ، سەرەتا وەک پێناساندێکی سەرەکی، چەند پارچەیەک لە چاوپێکەوتنێکی خێرا و کورت، کە ١٠ ساڵ بەر لەمردنی له گەڵیدا ئەنجامدراوە، دەخەینە بەرچاو.

پرسیارەکان کورت و خێران، بەڵام قوول و پڕ مانان بەوەی لەو کەسایەتییەدا ئەو هەموو بەهرەیە کۆبوونەتەوە، کە پێشتر لەیەک گیاندا ئەو هەموو بەهرەیە نەبینراوە و دووبارەش نابێتەوە، نەک تەنیا له ڕوسیا بەڵکو له هەموو ژیاندا.

چەند هەڵبژاردەیەک له چاوپێکەوتنێکی له ١٩٧٠/٦/٢٨ دا :

* ناوی یەکەمت و دووەم و خانەوادەکەت

– ڤلادیمێر سیمۆنوفیچ

* کام نووسەرت لاپەسەندە ؟

– بۆڵگاکۆڤ

* دیارترین کەسایەتی له مێژوودا بەڕای تۆ کێیە؟

– لێنین و جۆژین گاریبالدی

* قێزەونترین کەسایەتی؟

– هیتلەر و هاوەڵەکانی .

* له ئێستادا گرنگترین کەسایەتی کێیە؟

– نییە.

* لەلای تۆ هاوڕێیەتی چ واتایەکی هەیە؟

– کاتێک دەتوانین باس له هەموو شتێک بکەین، تەنانەت له قێزەونترین شتێک، کە تێماندا هەیە.

* ئەو سیفەتانەی له کەسێکدا هەیە و بۆ هاوەڵی قایلی پێیان؟

– ژیری، لێبوردویی، ڕێز.

* باشترین سیفەت له کەسێکدا هەبێت چییە؟

– سۆزداری و هەبوونی و توانای وەڵامدانەوە (بەڵام تەنیا لە بازنەی سوودی گشتیدا).

* ئەی ئەو سیفەتانەی لە کەسایەتییەکدا هەیە و بەدڵت نین؟

– گەمژەیی، ساوێلکەیی، بووەدەڵی.

* لە چیدا زۆر کەمیت هەیە؟

– لەکات.

* لە ژیاندا بەچی سەرسامی؟

– کام ژیان ؟ !

* ئەگەر دەسەڵاتداربووی چ شتێك بە هاوڕییەکی ئازیزت دەبەخشی؟

– ژیانێی تر !

* لە ئێستادا هۆکاری وەرەسیت چییە؟

– هەموو شتێك !

* خەونی تۆ؟

– ژیانێکی باشتر.

* تۆ بەختەوەری ؟

– هەندێ جار.

* لەبەرچی؟

– بارودۆخ ئاوهایە.

* پەسەندترین گوڵ لەلات؟ هەروەها خۆشترین دەنگ و باشترین بۆن لەلای تۆ چین؟

– گوڵە میخەکی ، دەنگی زەنگ، بۆنی پرچی وشکراوە لە ژێر هەتاودا.

* ئەو ڕووداوانە چین کە پرت دەکەن لە بەختیارییەکی گەورە؟

– نمایشکردنی (هاملێت).

* گەورەترین ڕووداوی تراژیدی ئەگەر بەسەردابێ چییە؟

– ئەو کاتەی دەنگم نەمێنێ.

* کەی بوو خۆشییەکی گەورەت تاقیکردەوە؟

– ئەو کاتەی دڵخۆش و ئاسوودە بووم.

* له ژیاندا چیت دەوێ ؟

– له بیر نەچمەوە، ئازادبم بۆ هەرشوێنێك بمەوێ بڕۆم !

* ئایا دەتەوێت ببی بە پیاوێکی مەزن و لەبەرچی؟

– هەر تەنیا دەمەوێ ببم بە پیاو و ، هەردەشبم !

* وتەیەك یان پەندێك، کە بڕوات پێی هیە و دەیڵێیتەوە؟

– خۆمان لە ڕووخان دەپارێزین.

فیستۆتسکی

****

لە مۆسکۆ کاتێك مەراسیمی پرسەکەی بەڕێوەدەچوو، تەرمەکەیان بەرامبەر تەلاری ئەو شانۆیە دانا، کە تەمەنی لەوێدا بەسەربردبوو، ئەویش شانۆی (تاگانکا – Taganka) بوو، تەرمەکەیشی بە کفنێکی ڕەش داپۆشرا بۆ دەربڕین لە کوشندەیی ئەو لەدەستدانە.

ڕووداوی مردنی ڕێکەوتی پاڵەوانێتی ئۆلۆمپیادی دەکرد، بۆیە لەو ڕۆژەدا هەزارەها خەڵك یاریگاکانیان بەجێهێشت و بە شەقامەکاندا بلاوبوونەوە و بەرانبەر بە پۆلیسەکان هاواریان دەکرد" ((ئەی فاشستییەکان.. ئەی فاشستییەکان)) چونکە گومانێك لە ئارادابوو، کە دەسەلات دەستی لە مردنی ئەودا هەبووبێ، سەرەڕای ئەوەی مەی خۆڕێکی بەرباد بوو، بۆیە دەسەلات ئەمەی وەك هۆیەك بۆ مردنەکەی بەفەرمی پیشاندا، هەرچەندە سەرژمێرێکی فەرمی نەبوو بە بەشداربوانی ڕێوڕەسمەکە، بەڵام دواتر ئامارەکان دەریان خست کە بەشداربووانی مەراسیمی بە خاك سپاردنی خۆی لە نزیك ملیۆنێ کەس دەدا، ئەمەش بە ئەندازەی بەشداربووانی ناشتنی پاپا یۆحەننای دووەم لە ساڵی ٢٠٠٥ مەزەندە دەکرا، لەوە دەچێ تەرمەکەی ڤیسۆتسکی لەلایەن گشت دانیشتووانی شاری مۆسکۆوە بەڕێ کرابێ، هەرچەندە ڕاگەیەنراوی فەرمی بریتی بوو لە ڕستەیەك بۆ هەواڵی مردنی ئەو ، کە بەم شێوەیە بوو(ڤیسۆتسکی ئەکتەر مرد) ئەم نووسراوەش لە پەنجەرەی ئەو شانۆیەوە هەڵواسی، کە ئەو تاکو مردنی کاری تێدا دەکرد.

ئــەو پلیتانەشــی بــۆ نمایــشتی شــانۆی (هاملێــت) فرۆشــرابوو، کــە دەبــوو ئــەو ڕۆڵــی تیــادا بگێڕیــا، هــیچ کەسێك پلیتەکانی نەگێڕایەوە و هەموو بە شانازییەوە وەك یادگارییــەکی تایبــەتی ئــەو پلیتانــەیان لای خۆیــان هەڵگرت.

بەگردبوونەوەی ئەو خەڵکە زۆرە، دەسەڵاتی سۆڤییەتی تووشی شۆك کرد، بۆیە فەرمانی بە هێزەکانی پاراستنی ڕژێم دا دابەزنە سەر شەقامەکانی مۆسکۆ بۆ بەرگرتن لە کــاری ئــاژاوەگێڕی، کــە دەشــێ لــە ئــەنجامی مردنــی ڤیسۆتــسکی دژ بــە ســتەمکاران بکەوێتــەوە، لــە پــاش مردنیــشی لەلایــەن دەســەڵاتی ســۆڤیەتەوە بڕوانامــەی هونەری پێ بەخشرا، لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکان، کە لەگــەڵ دایکیــدا دەربــارەی کوڕەکــەی ئــەنجام دراوە، کــە

وەختێك دەزگاکانی چاپ لەترسی ڕژێمەکەیان شیعرەکانی ئەویان چاپ نەکردووە، ئەو هەڵوێستی چۆن بووە؟ دایکی وا وەڵامی دایەوە ((جارێکیان گوێم لە یەکێك لە گفتوگۆ تەلەفۆنیەکانی بوو لە گەڵ یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان، پــاش ئــەوەی هێڵەکــەی داخــست پــێ وتم: ((تەماشــاکە، نایــەوێ هیــچم بــۆ چــاپ بکــات، بــەڵام وازیــان لێبهێنــە، مــن دەزانم پاش مەرگم، لە چاپ دەدرێن)).

بەوەرگێڕانی هۆنراوەکانی بۆ سەر زمانی کوردی هیوادارم تــوانیبێتم بەشــێك لــەو مافــەی ئــەو بەســەرمەوەیە، کــە هەرچەندە بچوکیش بێت، گەڕاندبێتمەوە بۆی، چونکە بە خوێندنــەوەی قــوڵی شــیعرەکانی چــێژێکی گــەورەی پێبەخشیم و هێزێکی گەورەشم لە ژیاننامەو ئەزموون و ڕاستگوییە سادەکەی وەرگرت و بڕوا بــە هێزەکــەی بــە مرۆڤایەتی و نەبەزینی بڕوایەکی گەورەیان بەمن بەخشی.

ڤیسۆتسکی هیوای دەخستە دڵ و دەروونە خەڵکەوە، لە هەمان کاتدا خەڵکی روسیا خاوەن ڕامان و بیرێکی بەرز و جوان بوون، بەجۆرێك، کە بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری نەبوون، پشتگیریان بۆ ئەو وەك ئەوە وابوو، کە سوپایەکی شاراوەیان لە گەڵدا بێت بۆ پاراستنی ئەو، ئەمەش ڕژێمی سۆڤیەت بەتەواوی هەستی پێکردبوو.

بەناسینی ئەو، زۆر شت لەمندا زۆرتربوو، بڕوامی بە بوونی شاعرێکی ڕاستەقینەو هەست ناسك بالاّ کرد، کە شاعرێکە دوور لە کەوتن و بەزین لەسەردەمێکی قین و ستەمکاریدا، دووریش لە دروشمکاری و بودەڵەیی، کە هەمیشە ئەو لە ژیاندا ڕقی لێیان دەبوەوە.

یاداشتنامەی کەسێتی

ڤلاّدیمێر سیمۆنیڤیچ ڤیسۆتسکی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ لە باوکێك، کە پلەی کۆنێڵی لە سوپای روسیادا هەبوو(١٩١٦ – ١٩٩٧)، لە دایکێك (نینا ماکسیمۆفانا) (١٩١٢ – ٢٠٠٣) لە دایك بووە، دایکی وەکو وەرگێڕی زمانی ئەڵمانی کاری دەکرد.

فیسوتسکی ژیانی منداڵی لە مۆسکۆ بەسەر برد، دوو ساڵ لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم لە شاری (بوسولیك) لەگەڵ دایکیدا ژیاوە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٣ گەڕایەوە مۆسکۆ، لە ساڵی ١٩٤٥ چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی، لە ساڵەکانی ١٩٤٧ – ١٩٤٩ لە گەڵ باوکی و ژنی دووەمی باوکی (یۆجینیا) لە شارۆچکەی (ئیرسفاڵد) لە ئەڵمانیا ژیاوە، لەوێدا فێری گیتار ژەنین بووە، پاشان بۆ مۆسکۆ گەڕایەوە، لە ساڵی ١٩٥٥ قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە.



کارە هونەرییەکانی

فیسۆتسکی لە ساڵی ١٩٥٣ لە خانەی مامۆستایان، بەسەرپەرشتی رابەری شانۆی مۆسکۆ بۆ هونەر و دەرهێنان (ڤلادیمیر بۆکۆمۆلۆف) دەستی بەکاری هونەری کرد.

پاشان دوای بڕینی قۆناغی ئامادەیی لە ژێر فشاری خانەوادەکەی چووەتە کۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازی، بەڵام لە کۆرسی یەکەمەوە وازی هێنا، لە ساڵی ١٩٥٦ تا ساڵی ١٩٦٠ قوتابی و شانۆکار بوو لە قوتابخانەی شانۆی هونەر لە شاری مۆسکۆ، لەوێدا چاوی بە (ئیزا) ژنی یەکەمی کەوت، لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ یەکەم جار ڕۆڵی هونەری بینی، کە هێز و کاریگەری ئەوی دەرخست، بەهەمان شێوە لە شانۆی سزا و تاوان لە ساڵی ١٩٦٠ پتر ئەوی دەرخست، لە هەمان ساڵدا کارکتەری یەکەمی فیلمێکی سینەمایی بوو دەربارەی قوتابییەکی مەی نۆش، یەکەمین گۆرانیش، کە ئەوی تیادا دەرکەوتبێ، ساڵی ١٩٦١ بوو لە ژێر ناوو نیشانی (تاتو)، پاشان کۆمەڵێك گۆرانی بۆ فیلمێك ئامادەکرد، لە ساڵی ١٩٦٤ لە شانۆی مۆسکۆ بۆ دراما و کۆمیدیا کاری کرد.



پەرتووکە چاپکراوەکانی

فیسۆتسکی لە ژیانی خۆیدا هیچ کتێبێکی بە چاپ نەگەیاند، بەڵام پاش مردنی بە ساڵێك دەسەڵاتی سۆڤییەت کۆمەڵە شیعرێکی ئەوی لە ساڵی ١٩٨١ لە ژێر ناونیشانی (دەمارەکان) لە چاپدا، لە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە مەدالیایەکی شانازی بۆ هونەر پێ بەخشرا، لە ساڵی ١٩٨٧ فیلمێکی بەڵگەداری دەربارەی دیدارەکانی بەرهەم هێنرا، ساڵی ١٩٨٩ ئەنجوومەنی وەزیرانی روسیا کۆمەکی بەخشییە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەوەی لە مۆسکۆ مۆزەخانەیەکی گشتی تایبەت بە (کارەکانی، پەرتوکەکانی، گۆرانییەکانی) دابمەزرێنێ، ئێستاکە کۆڕەکەی (نیکیتا) ئەم مۆزەخانەیە بە ڕێوەدەبا، دووا بە دووای ئەوە وێنەی فیسۆتسکی لەسەر پووڵی دارایی بە فەرمی لە ڕووسیا نەخشێنرا.

ئێستا پەیکەرەکەی ئەو زیاتر لە شارێکدا هەیە، هەروەها ساڵانە لە تەلەفزوێنی روسی یادی لەدایك بوون و

کۆچکردنی دەکرێتەوە و چەندین بەرنامەی بۆ سازدەدرێ، هەروەها ئەم بەرنامە و یاداشتانە لە هەموو ئەو وڵاتانەی بە زمانی ڕووسی دەپەیڤن، بەڕێوە دەچێ، دەربارەی ژیانی ئەو تاکو ئێستا سێ فیلمی بەرهەمهێنرا و نزیکەی (٢٠) پەرتوکیشی چاپکراوە.

هاوسەرگیرییەکانی

لەساڵی ١٩٦٠ لە هاوسەری یەکەمی (ئیزا) جیابووەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٦٥ لە گەڵ (لیمدیلا) هاوسەرگیری ئەنجامداوە، دوو کوڕی لەم بووە بە ناوەکانی (ئەرکادی و نیکیتا)، لە ساڵی ١٩٧٠ لەمیش جیابووەتەوە، دوای شەش مانگ لە گەڵ خانمە ئەکتەری فەرەنسی بە بنەچە ڕووسی (ماریا ڤلادا) هاوسەرگیری ئەنجامداوە، کە

تامردنی له گەڵیدا مایەوە، ئەم ژنەی ڕۆڵی گەورەی بینی لە رزگارکردنی ئەو لە هەندێ داب و نەریت، کە ڤیسۆتسکی پایەند بوو پێیانەوە. پاشان سێ جار نمایشتی گۆرانییەکانی لە فەرەنسا کرا، ئینجا سەفەری بۆ بولغاریا، کەندا، ئەڵمانیا و ئەمریکا کرد، وەختێك گەیشتە ئەمریکا ڕۆژنامەکان هەواڵەکەیان وا بڵاوکردەوە، کە فلادیمێر بەسەردانێکی هونەری بەهاوەڵی هاوسەرەکەی ئەکتەری ناودارو جوان (ماریا فلادا) گەیشتە ئەمریکا.

ماریا بەقووڵی ئامێزی خۆشەویستی بۆ ئەو والاّ کردبوو، ئەمەش تا دوا ساتەکانی بەردەوام بوو، لەو نمایشتەی کە ماریا لەسەر شانۆی (بۆف دوو نور) لە پاریس ساڵی ٢٠٠٦ پێشکەشی کرد، باسی لە شاعیر فلادیمیر و گاڵتەجارییەکانی ئەو بە دەسەلاّت کردبوو، هەروەها

دەربارەی مردنی ئەو بە لاوێتی مارینا وتبووی" ((ئەو مرد، بەڵام مردنێك لە ژێر باری قورسی دەسەلاّتی سۆڤییەتدا، کە داوای لێکردبوو بەردەوام مەی بخواتەوە تاڕادەی خنکان)).



ئەو نمایشتەی ، کە ماریا سازیدابوو بە ناوی (فلادیمێر یان فرینێکی وەستاو)، لەم نمایشتەدا گیتارژەن (کۆستەنتین کازانسکی) بە مۆسیقاکەی بەشداری مارینیای کرد، مارینیاش هەڵی قۆزتەوە تاکو دەربارەی ئەو داهێنەرانە بدوێ کە بەرهەڵستکاربوون، نەك گومراو دابراو.

سەرەڕای دووریان لە یەکتر پەیوەندیان بۆ ماوەی دە ساڵ درێژەی هەبوو، مارینا کارەکانی خۆی کەمکردەوە لە پاریس بۆ ئەوەی زۆرترین کات لە مۆسکۆ بێت، هەروەها

هاوڕیکانی فلادیمێر کارئاسانیان بۆکرد لە پەیوەندی کردن بە ئەوەوە بۆ ئەوەی بتوانێ سەفەر بکات و لەوێ لە گەڵ هاوسەرەکەی بژێ، پاشان مارینا پەیوەندی بە حیزبی شیوعی فەرەنسییەوە کرد، کە هاوکارییەکی زۆری ئەویان کرد بۆ بەخشینی ڤیزە بۆ ڕۆیشتنی بۆ یەکێتی سۆڤییەت، لە هەمانکاتدا مارینا هەندێ پشتگیری بۆ فلادیمێر دەستەبەر کرد بۆ ئەوەی لە لایەن دادگای میرییەوە نەخرێتە ژێر چاودێری و راونەنرێ، کە بیزاربوون لە وتەکانی فلادیمێر، دووری نێوانیان و ژووانە کەمەکەیان بوونە سەرچاوەی گەلێك گۆرانی لەلای فیسۆتسکی.



کۆچی دوایی

کاتژمێر ٤,١٠ ی سەرلەبەیانی ٢٥ ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ لە کاتی خەودا لە شوقەکەی خۆی، فیسۆتسکی لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد، لە یەکێ لە بۆچوونەکان دەربارەی مردنی دەڵێت:

((بەهۆی تەنگوچەڵەمەی ماسۆڵگەکانی دڵییەوە بووە))، هۆیەکی تریش دەڵێت ((تەنگە نەفسییەوە بووە)) یان بەهۆی بەکارهێنانی بێ ئەندازەی دەرمانی حەسانەوە بووە لە ئازارەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا مەرگی ڕاستەقینەی فیسۆتیکی تاکو ئێستاکەش بەڕوونی دیار نییە.

لە ٢٨ ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ لە گۆڕستانی (فاکانکوفسکا) نێژراوە.

تێبینیەکان:

- **بۆڵگاکۆڤ : ڕۆمانتووسێکی بەهرەدار بووە، لە باسکردنی ژیانی ڕوسیدا لە دوای شۆڕشی بەلشەفی کەسێکی بە توانابووە، لە ڕێگای نووسینەکانی سووکایەتی بە پرۆلیتاریا و پیاوەکانی – هاوڕێیانی – ئەوانەی گەندەڵییان خستە ناو شۆڕشەکەوە و بیروکراتییەکی گەورەشیان هەبوو بەرانبەر بە کوشتنی بیری تاك لە پێناو ئەو دروشمانەی، کە پیاوان و هاوڕێیانی پایەبرز لە پارتەکەدا دەیاننووساند، ئەو نووسەرانەی بەم شێوەیە دەیاننووسی حکومەت ڕێگری دەکرد لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان.**
- **(ل . د تەموزی ١٨٠٧ – ١٨٨٢ ك شاری نیس) یەکێك بووە لە ڕابەرانی بزووتنەوەی (کاپێرا) بۆ یەکگرتنەوەی سیاسیانەی ئیتالیا.**
- **فیسۆتسکی لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەو وتەیە پەهی خۆیەتی.**

* Ballad **گۆرانی فۆلکلۆری ئەدەبییە لە ئەوروبا، بەهۆی بایەخدانی گەورەوە ئەم دیاردەیە سەریهەڵدا بۆ شێوەی گۆرانی وتن، بە تایبەتیش لە بزافی ڕۆمانسی لە سەدەی هەژدەهەمدا، دووابەدوای ئەوە چەند**

کەسایەتییەکی ئەدەبی وەك (ڕۆبەرت بیرنز) و (سێر وڵتەر سکۆت) لە ئوسکتلەند چەند کتێبێکیان بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە هونەرە تەرخان کرد. هەروەها لە ئتگلستان (وڵیام وردزۆریس) و (سامۆیل تایلەر کۆلێردج) کۆمەڵێك گۆرانی ئەدەبییان بەرهەم هێنا.

لە ساڵی ١٧٩٨ لە ئەڵمانیا (گۆتە) و (شیلەر) زنجیرەیەك چیرۆکیان بەم شێوەیە بەرهەمهێنا، کە شاعیر (ڕۆدیارد لیبنگ) یشی گرتەوە، لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم زاراوەیە بەو گۆرانیانە دەوترا، کە خاو و تایبەت بوون بە خۆشەویستی.

وەڵ لێرەدا، زاراوەکە بۆ هەموو گۆرانییەکی خۆشەویستی بەکار دەهێنرێ، لەو گۆرانیە تازانەی، کە ئەم زاراوەیە دەیگرێتەوە، گۆرانییەکانی (ویتنی هیوستن) ە، (I,ii always Iove you).

لە کولتووری روسی ئەم زاراوەیە بە مانای ئەمە دێ:

گۆرانییەکە چیرۆك ئامێزە و شێوەی شیعر وەردەگرێت، ئەم چیرۆکە شیعرییە لەوانەیە مێژوویی یان داستان بێت، یاخوود قارەمانێتی یان چیرۆکێکی خۆشەویستی لەخۆ بگرێت، ئەم چیرۆکانە بەزۆری لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراون، چیرۆك و بابەتەکانیش لەگەڵ مۆسیقا و گۆرانی دەوترێنەوە.

سەرچاوەکان:

- کۆمەڵ نامیلکەی (دەرمانەکان)، پەرتووکی (کەمتر لە نیو سالٌ)، سیدییەك کە ژیاننامە و شیعرەکانی لەخۆ گرتووە، کۆمەڵێك ڕۆژنامە و سایتی ئەلکترونی، کە ژیاننامە و شیعرەکانی ئەویان لەخۆ گرتووە، پەرتۆکێکی بچووك، کە یاداشتنامەکانی ژنی سێیەمی (ماریا ڤلادای) لەخۆ گرتووە.
- ئەم ژیاننامەو شیعرانە لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ کۆمەڵێك شیعری وەرگێراو چاپ دەکرێت.

تێبینی:

هەندێ دەستەواژە لە نێو دەقە وەرگێراوەکاندا، دکتۆرە (ئۆلکا کورجاکوفا) بۆ زانینی لێکدانەوەیان هاوکاری کردووم.

سەرەڕای ئەوەی، کە فیسۆتسکی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی منداڵ بووە و هەندێ شیعری باس لە جەنگ دەکات، بەڵام لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت " کە لە شیعرێکیدا بەرجەستە بووە، بەوەی باپیری گەلێك چیرۆکی دەربارەی جەنگ بۆ گێڕاوەتەوە.

چەند نموونەیەك لە شیعرەكانی فیسۆتسكی

سوپاسگوزاربە
كەس بەلایەوە گرنگ نییە
گەرخاتوونە ناپاكەكەت
بەردەوام زۆرملێ پەیرەو بكا؟
بەلای كەسەوە گرنگ نییە
تۆ لە چۆڵەوانیدا زەوی بكێڵی
كێ گرنگە بە لایەوە
تۆ لە دەرەوەی گالیسكەكەدابی؟
سوپاسگوزاربە ! بەلانی كەمەوە تۆ زیندووی
ئەوەی بەڕاستی گرنگە
ئەوەیە، چاكەتە تاقانەكەت بە كەڵكی لەبەركردن نایە
ئەوەی گرنگە، مێردەزمەكان پێنج ساڵە ئازادیتان پێت بەخشی
ئەوەی گرنگە، كەسێك لە دەروازەكەدا دزی لێكردی

سوپاسگوزاربە، چۆن تاكو ئێستا بە زیندوویی ماوی !
بەڵێ ڕاستە، هاوبەشەكەت لەقوماردا بە پەتای نەخۆشی شاهانە مرد
بەڵێ، بەڵێ ... تۆ بەدوای خەونێكی سەرباری ڕەنگ پەریو دەگەڕێی
كۆتایی هەفتەت لەگەڵ میری بەسەربرد
سوپاسگووزاربە، چۆن تاكو ئێستاكە ماوی
با لە نێوچەوانت شوێنەواری لێدانی پێلاو هەبێ !!
كارەكەت بەرەو كەمبوون دەچێ ؟ با وابێ ؟
جا ئەمە چی تێدایە .. گەرلە خوێنتدا ڕێژەی كولسترۆڵ تۆقێنەر بێ ؟
سوپاسگوزاربە چۆن بەلانی كەمەوە تانهۆ هەر زیندووی !
خۆت ماندوومەكە ! .. تۆ هەرگیز فێرە لێدانی تەلەكان نابی !
ئارەقە مەڕێژە .. چۆن یاداشتنامەی ئامادەبوونێكی ترت پێگەیشت ؟
چۆن سەرت كەمێك ئازارت دەدا ؟
سوپاسگوزاربە، چۆن لە هەموو باڕێكدا، هێشتاكە هەر زیندووی؟
ئەمەیان ڕاستەو گوناهكار خۆم، بمبەخشن

ئەوەشیان دروستە گەر کۆشش نەکەین بە مەرام ناگەین
لێ تەنیا ئەوەی سەری لێ شێواندووم
تا لە ژیانمدا بم
سوپاسگووزاری خۆم ئاراستەی کێ بکەم ؟

گەر لەسەر خاکێکی نامۆ شەوت بەسەرهات

ئەگەر لە شەوێکدا خۆت لەسەر خاکێکی نامۆدا خۆت
دۆزییەوە
گەر بە دانیشتنەوە ئەوەندەی نەمابوو بتەقێی
ڕامەکە، بێدەنگی داتنەگرێ
بەڵکو بەخەستی بگری
من دەنگت دەبیستم، دەیناسمەوە
پێدەچێ بەسنگی پێکراوت بە گوللە
خزابیتە نێو حیلەیەکی دێرین
من بەرەو لای تۆ بەسووکی، خێرا غاردەدەم
بەس تەنیا خۆت ڕاگرە
دەگەڕێینەوە بۆ ئەوێ
ئەوێی پڕ لە هەواو و گیای تیمار
بەس تەنیا تۆ مەمرە ! بەوپەڕی تووانا خۆت ڕاگرە
بەسواری ئەسپێك بەباڵ ڕاخراوەیی دەگەیتەوە مالێ
ویستە چاکەکارییەکەت هەردەبێ ئەو تەنیشتانەت بداتێ
کە شوێنگەلێکن بەهارێکی وەنەوشەدار ئەدا بە ژیان
هەرلەوێش زامەکانت تیمار دەبن...

چین خاڵەکانی بەیەکگەیشتن و پێچی ئەو ڕێگایانەی
بەرەنگاری تۆ دەبنەوە؟
دەشێ شەکەت بی، یان قینت لەم کاروانە هەستابێ و
تۆ بەخەمباری دەیانبینی ؟
ئایا ڕێگەیەکی دی بۆ گەڕانەوەی شك نابەی ؟
لێرەدا جۆگەگەڵی شۆخ بۆ بەفراوی زوڵاڵ هەیە،
دەگمەنە و دیلکەرن
گشت گوڵ و گژوو گیا و درەختەکان
کەس دەستی بەسەریانا نەگرتووە
گەرویستمان دەتوانین بۆخۆمان بیانبەین
ئەگەر پێیەکانی خۆت پەلکێش کرد
کاتێك بەقوور و لیتەوە لکابوون
گەربەپێی پەتی بەسەر بەردی تیژ تێپەڕیت
یان لە نێو ئاوێکی تەزیودا
لەناوچووی بە سووتان بەگڕدا
شەبازلەی – با – بەرت بکەوێ
بە ئەژنۆ ڕێبکەی
بە فورس و خشۆکی
هەرچۆنێك بێت ...
هەردەبێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەت

لەسەر گۆڕەبەکۆمەڵەکان خاچ دانانێن ..

لەسەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان خاچ دانانێن
لەوێدا ژنانی بێوەژن نییە بۆفرمێسك ڕشتن
چەپکە گوڵیان بۆ بێنن
بەوە ئاگری هەستیان گڕدەگرێت
لێرەوە زەوی بە قووڵی هەڵئەکەنڕێ
ئێستاکە بەمەڕمەڕ ڕووی بەردی گرانیت داپۆشرا
لێرەدا تاکێتی بۆ قەدەر نییە
لێرەدا کەسانێك لە چارەنوسێکدا کۆدەبنەوە
لەنێو ئەو ئاگرەی، کە نەکوژاوەتەوە
زریپۆشێکی سووتاو
کۆمەڵێك کۆلێتی روسی گڕگرتوو
(سمولیسك)* و ئەڵمانیای سووتاو
هەروەها دڵێکی گەرمی سەربازێك دەبینین
لەوێدا گۆڕەبەکۆمەڵەکان دیارن
خەڵتانی فرمێسکی ژنانی بێوەژن نەبوونە

ئا لێرەدا گەل بەهێزترە
ئەوان خاچ لەسەر گۆڕەبەکۆمەڵەکان دانانێن
بەڵام ، هیچ کارئاساناییەك بە کارەکە دەبەخشێ؟

* سمولسنك – شارێکی ڕوسییە

کاتێك جەنگەکان کۆتاییان پێ دێت

دڵەڕاوکێمە لە مێزی کۆبوونەوەیەکی داخراو
کە هێشتا تەواو نەبووە
کە تاکو ئێستا دەنگی لێکدانی پوولەکانی دۆمینە
دەبیسترێ
چەندەها ڕۆژ لە مانگی ئایار
چەندین شەوانی درێژ لە کانوونی یەکەم، کات دەگوزەرێ
لێ هەمووان ڕێککەوتوون
بەرلە جەنگ سەراپا گڵۆپەکان خامۆش بوون
لە پەنجەرەی گرتووخانەکانەوە، چاوەکان ڕوو لە مۆسکۆ ڕامان
شوێنێك لە دڵدا
پارچە پارچەی لەشی سەربازێکی تەقێنراو هەیە
لە جێگایەك لە دەزگەی هەواڵگری
دەبێ بزانی چۆن لە قسەکان تێدەگەی !
دواهەمین گەشەکردن، تازە کردنەوەی لافیتەکان
داامەزراندی کۆڵگەکانە
بەرد لە گۆڕەپانەکەدا پاکژە

هەروەکو کاشی دارینی سەر زەوییەکە
تا نووکە گرووپەکان ڕووە و ڕۆژئاوا دەڕۆن
دەڕۆن و پێشدەکەون
ژنە ڕەشپۆشە بەسالاچووەکان
ئەوانەی تەرمەکان دەنێژن
لەدوواوەی کاروانەکەوە دیارن
دڵێك مەست بە ئاوی کانییەکان
بەرایی کڕینی ئەنگوستیلەی هاوسەرگیریی نەماوە
بۆ وەدەستهێنانی خۆراك
هەمووان بە کاری مردوو شۆرینەوە سەرقاڵن
ئەمە کۆتاییەکانە
لەسەر شاشەکە فرمێسك لە کاغەزو ڕووتەکانەوە دەڕژێ
وەختێك پەردەکان دادەدرێنەوە
هەوڵی شاردنەوەی چ شتێك ئەدەن؟
لە شوێنێکی دی، لەنێو شووشەی شەرگەکان
مەی دابەش دەکرێت
تاکو سەرما و ترس، پەتای ڕشانەوە بڕێك ئارام بێ
ئەوەتا بەڕاستی مۆمدان لە ڕەشی پاك کرایەوە
گیان و لێو دروودو شیعر دەخوێنن
وەڵی هەممووان لە گەڵ خاچی سووردا دەڕۆن

دەڕۆن و کۆتاییان دێ
کەواتە ڕاپۆرتێك چۆن دەڵێت
((زیانەکان زۆر نەبوون)) ؟
لە دەوروبەری باخچە گوڵ چێنرا
زەمین بەگوور ئاودرا
بەمنزیکانەش خەڵاتی کارەکان دابەش دەکرێن
سەرینگەلێکی گیایی سەرشەقێنەر
بەسەر شارەوە
هەتاکو ئێستا دەنگی تەقینەوە و
شاورەکانی ئاگاداری خامۆش نین
کەڕەنەی سەرکەوتن تا ئێستا لێنەدراوە
لە نێوان جەنگاوەراندا
ئەوەی بەکاردەهێنرێ زۆرتر بوو
دیسانەوە لێرەدا دەنگی ئامێرەکانی ئۆکردیۆن
هاواریان دەکرد سوێند بەرز بووەوە
((بژین بەبێ تۆڵە، بە ئەڤین و هاونەغمە))
لەگەڵ ئەمەشدا گومردانەکان بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆن
دێت و لە گەڵ خۆیدا خەڵکانێك بۆ هەموو لایەك دەبا
ئێمەش وامان مەزەندە کرد
ئێدی لەوێدا، لەمەودوا هیچ دوژمنێك بوونی نییە

دەربارەی ڕۆحە شەرانگێزەکان

لە تەنیاییمدا خۆم بەدەمەست کردووە
لە شەودا گوێبیستنی دەنگگەلێك دەبم
لە ناکاو لەگەڵمدا دەپەیڤن
خێوەکە دەرکەوت و ئەمەش خەسڵەتەکانێتی
بە گرژی و مۆنییەکی زۆرەوە لێم مۆڕبوەوە
بەچرپە پێی وتم:
((براکەم دەتوانم ئێستاکە بە کۆنیاك مەست ببم)) ؟
لەو بڕوایەدام تۆ مەیەك دەنۆشی، فەل و بێ کەڵکە
خێوەکە گوێبگرە، خێوکۆ، خێوکۆ، خێوەکە
لە تەکم دانیشە من بەختیار دەبم..
بەڕاستی مایەی گاڵتەجارییە ئەگەر تۆ ترسنۆك بی
من کارم هەیە، سەرقاڵم مەکە
خێوەکە وتی: بۆریسۆف ، کە بەڕێوەبەری پێشوومان بوو
دەیناسم
خێوەکە نانەکەی گرمۆڵە کرد
چ جارسییەکە ، کە کۆنیاك نەما

مەستێتی بەکۆنیاکیش بەری داین
بابڕۆین بۆ هەر سێ وێستگەکە و لەوێوە کۆنیاك بهێنین
ماندووبووبم، هەربۆیە بەڕێگای خوێدا ڕۆیشت
دووبارە لەخەو ڕادەبم
هەمان ڕۆحی شەرانگیز
یان بۆ جارێکی دی بەرەو لای من دێ
یاخوود من ئەمە تەنیا خەیاڵ دەکەم ؟
خێوەکە بە دایکی سوێندی خوارد
ماچمی کرد و کلکی ڕاوەشاند
ئەوەندە پێکەنیم تا بە هۆش هاتمەوە
لە بارودۆخی دۆزەخ پرسیارم لێکرد
وتی:
بەپشت بەستن بە مەی نۆشەکان
دەڵێن لەوێدا کەمتر مەی دەنۆشن
بۆ جارێکی دی خێوەکە سوێندی خوارد و وتی:
تەنانەت لە دۆزەخیشدا ئەو هاوڕێ ناشایستە
دەسەڵاتدارە؟
هەموو شتێك بەرەو کۆتا چوو
ڕووناکی خۆی خزاندە ژوورەکەوە
ئەی نائومێد، من دەمویست پلانێك بۆ ڕزگاری نیشتمانی

بژێنمەوە !!
خێوەکە وەک گێژەڵۆکە هێوربووەوە
سەرلەنوێ، بۆ جارێکی دی چاوەڕێی دەکەم
شێتانە ڕفتار ناکەم
وادیارە باشترە لە گەڵ خێوەکەدا بم
لەوەی دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرم

* مەبەست لە هاوڕێ – هاوڕێ حیزبییەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤییەتە.

ئێستاکە خۆشم دەوێی

ئێستاکە خۆشم دەوێی
((ئەمە پێشتر)) و ((پاشتری ناوێ))
لە ڕاستیدا ئەمە ناشارمەوە
تیشکدانەوەی دەنگی تۆ
بە گڕگرتوویی دەمهێلێیتەوە
لە دۆخی گریاندا یان خەندە
لەم چرکەساتەدا، من خۆشم دەوێی
ئایندەم پشتگۆێ خستووە
ئارەزووم بۆ ڕابردووش نەماوە
لە ڕابردوودا من گۆرگەلێکی خەمبارم خۆشویست
بە خشینەکانم بەبێ باڵ وەریوە دەچوون
لە گەڵ ئەمەشدا شاعیری شاعیرەکان وتی:
((من بەتۆوە پێوەست بووم، تاکو هەنووکەش هەرخۆشم
دەوێی .. لەوانەشە ...))
لەوێدا ئەفسووسێك هەیە بۆ جێهێشتن و خەزان و ڕۆیشتن
وەک ئەو پاشایەی لە تەختی پاشایەتی جیا دەکرێتەوە

لەوێدا ناسۆرێك لە جێهێشتندا هەیە
کوژرانەوەیەك لە گورج و گۆڵی و کزبوونێك لە ئارەزوو
گوناهکردنیش بە ((خۆشم ئەوێی))
شتێکە لەم جۆرە
بێ ئەوەی بەمە بزانم، بێ ئەوەی پەڵەیەکی دیاری
من ئاوها ئێستاکە خۆشم دەوێی
ژیانی من بەردەوامە و بێ ئەوەی دەماڕێکی ببچڕێنم
ئەمێستا لە ئامادەگی ئەم ئەزموونەدا نەهەناسە بۆ ڕابردوو
هەڵدەکێشم
نە ئاییندە دەخەمە خەیاڵمەوە
لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە شادی و تیاچووندا
گرەو لە سەر هاتنم دەکەم بەرەو لای تۆ
تەنانەت ئەگەر هەردوو پێم بە زنجیر بەستراوەتەوە
یاخوود بە ئاسن قووڕس بووبێت
وەلێ ئەو کاتەی دەڵێم ((خۆشم ئەوێی))
مەهێڵە تووشی هەڵەبم، یان بەرەو ئەوە ڕامکێشی
شتی زیادە بڵێم
هەرواش دەمێنمەوە، کە خۆشتم بوێێ
لەمەدا تاڵییەك لە ((هەرواش دەمێنمەوە) دا هەیە

ئیمزایەکی ناڕاست کەلینەو دەرفەتێك بۆ پاشگەزبوونەوە
لە
دۆخێکی دیاریکراودا
ژەهرێکی بێدەنگ لە کاسەو شووشەدا
شەپازللەیەك لە منداا، کە ئایا بەڕاستی خۆشم دەوێی لە ((
ئێستادا))
بەدرێژایی کاتەکان بیر لە زمانی فەرەنسی دەکەمەوە
ئاییندەو ڕابردوو لە لای ئێمەدا جوودان
سەرم سووڕماوە هەست بە نەنگی و ڕق دەکەم
لەوەدەچێ سەرکێشی لە گەڵ زماندا بکات
ئاھ .. لە جوودایی زمانەکان
ئێمەش یەکێتییەك تایبەت بە خۆمان هەیە
لە کاتە دژوارەکاندا من خۆشم دەوێی
لەگەڵ – ئێستای – هاتوو لە گەڵ کۆتایی بوونی ((ئێستا))
من خۆشم دەوێی ١٩٧٣

ماڵئاوا چیاکان

بۆ هەرا و هات و هاواری شەقامەکان
بۆ تێکچڕژانی ئوتۆمبێل و، وەستان لەبەردەم
ئاماژەی ڕووناکییەکانی ترافیك لایت
بۆ ناو ژیانی شار، دەگەڕێنەوە و جێگایەك نادۆزینەوە
بۆی بڕۆین
وەختێك لە لووتکە سەرکەشەکان
ئەو لووتکە بەرزانەی دایری کردبووین
دادەبەزینە خوار
دڵەکانمان لەوێدا بەجێدەهێڵین
لەسەر چیاکان دڵەکانمان دەهێڵینەوە
گفتوگۆی ناوێ
پێویستی بە مشتومڕ نییە
دەمێکە درکم بەمە کردووە
لەدێر زەمانەوەیە

شتێك لە ئاردایە باشترە لە چیاکان
ئەویش ئەو چیایانەن
کە کەس تانهۆ پیایدا هەڵنەزناوە
کێ پێویستی بەوەیە
بێ هیواو ئاوات پاڵی لێبداتەوە
کێیە دەخوازێت خۆی بەدەستەوەدا؟
مەگەر دڵی ئەوەی نەتوانێ جگە لە بەردەوامی
بە شتێکی دی قایل نەبێ ؟
لە چیا بەرز و سەرکەشەکان دێینە خوارێ
شتێکمان پێناکرێ، هیچ دەسەلاتێکمان نییە
چۆن خوداکان دابەزیونەتە سەر زەوی
وتووێژی ناوێ
چۆن ئەمەم لە دێرزەمانەوە درك پێکردووە
کە شتێك لە چیا باشتر هەبێ
هەر ئەو چیایانەن
کە تاکو ئێستا پیایاندا هەڵنەکشاوین
زۆر وشە و ئومێد و گۆرانی
چیاکان لە ئێمەدا بەئاگایان دێنن و
داوای مانەوەمان لێدەکەن
بەڵام لە شەرمان پێویستە دوور لە چیاکان

بۆ ماوەی ساڵێك دابەزینە خوار
یان بۆ هەتا هەتایە بەجێیان بهێڵین
لەبەر ئەوەی هەمیشە
چونکە هەمیشە
دەبێ بەرەو پاش بگەڕێنەوە !!!

سەرقاڵییەکان

بۆ عەبدوللایف
لە سەرقاڵی بووندا بە تەواوی ماندووم
ڕۆژەکان هەموویان
گشت خوولەك و کارێژێك
کە منی تێدا ژیام، خوودێتی من نەبوو
نەمتوانی ببم بەخۆم
من تەنیا سێبەرێکی ڕووت و قووت
تۆش چاوەڕوانمی
کە دەشێ چاوەڕوانی ماندووی کردبی
یان ئەوێت بەجێهێشتبێ
یاخود چووبیتە خوولی سڕبوونەوە
دەتوانی لەگەڵمدا بدوێی
بڕوام پێبکە، من تەنیا تینووی گفتوگۆم
من و تۆ بەس تەنها دەدوێین
جگە لە پەیژین شتێکی دیمان نەماوە

بەدرێژایی ماوەکان
بابەت و بابەتگەلێکی زۆر
لەناکاو شتگەلێکی نوێم لێ پەیدا دەبن
یان دەبێ لەکاتی دیاریکراودا لەوێ بم
یاخود بەتەنیا هەرخۆم دەمێنمەوە..
لێ ئەو نابینمەوە و، نابینمەوە !
پێدەچێ کاتی دیاریکراوی من
هاوگونجاو نەبێ لەگەڵ قەدەردا
هەر کاتێك خۆم بۆتۆ تەرخان بکەم
شتێکم لێ پەیدا دەبێت و سەرقاڵم دەکا
ئێستاکە لەسەرتە ئامادە بی
هەر تەنیا شەوێك
بڕوام پێبکە، هەر تەنیا دەدوێین
دەمێکە مەعشوقەکەم نەدیوە
چۆن سەرقاڵییەکان
بەبێ کۆتابوون
تەواو داگیریان کردووم
لە ناکاو بڵێسە گشت دەسەلاتەکانی لووشدا
جگە لە خۆڵەمێش هیچ شتێك نەماوەتەوە
سەرپاکی ساڵەکەم چاوەڕێ دەکەم

بۆ ڕۆژێکیش بەتەمای چاوەڕوانیکردن نییە
ئەوەتا، لێرەدا هیچ شتێك سەرقاڵم ناکا
لە سەرتە سەردانی ئێوارانێك بکەی
بڕوام پێبکە ...
پێکەوە نادۆیین
ئێستاکە وتنمان نەماوە

دەربارەی وەرگێڕ:

گولاڵە نوری- لە کەرکوک لە دایك بووە – بۆ چەندەد ساڵێك لە دەرەوەی عێراق ژیاوە لە روسیا و ئۆکرانیا ئەوروپای رۆژئاوا. ئێستا لەنێوان کوردوستان و دەرەوەی وڵات ئەژی .

*** گولاڵە نوری شاعیرێکی عراقییە، هەروەها چیرۆك و ووتاریش دەنووسێ.**

*** ماجستێری هەیە لە ئەدەبی ئینگلیزی. لەسەر شیعری جەنگی تازەی ئەمریکی بەراوردکردن لەگەڵ شیعری جەنگی عراقی تازەیی.**

***دبلۆمی هەیە لە زمان و ئەدەبیاتی رووسی**

***هەروەها دبلۆمی هەیە لە تەکنەلۆجیا.**

***ئێستاکە لە کۆتاییی خوێندنی دکتۆرایە هەر لە بواری زمانی ینگلیزی و راگەیاندن .**

ئەو کتێبانەی لە چاپی داوە :

*** (کاتێ دۆلفین دەخەوێ) –۱۹۹۹ لە ئیسپانیا/مەدرید.**

۲- (ئەم ژاوەژاوە تایبەت نییە بەتۆ)- بەغدا –۲۰۰۱

۳- (سالنامەکانی تەنیای) – بەیروت –لوبنان ۲۰۰۵

٤- (کۆتەرەدار)- کوردوستانی عیراق – هولێر ۲۰۱۰

ئەندامە لە :۱- یەکێتی نووسەرانی عێراق نێودەوڵەتی.

۲- یەکێتی وەرگێڕانی عێراق و نێودەوڵەتی.

۳- یەکێتی رۆژنامەنووسەکانی عێراق .

٤-کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە عێراق.

بەشێك لە شیعرەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی (ئینگلیزی، فەرەنسی رۆمانی، ئەلمانی،ئیسپانی، چینی، روسی و، فارسی، تورکمانی، مەنگۆلی) بەو زمانانە لە گۆڤارەکاندا بڵاوبووەتەوە.

لە چەند ڤیستەڤاڵێکی کلتوری و ئەدەبی و شیعری لە ئەلمانیا، هۆڵەندا، فەرنسا، تورکیا، کوێت، یەمەن ، سوریا، ئوردن، لوبنان، میسر ،ئۆکرانیا،ئەمریکا ،پۆڵەندا. نوێنەرایەتی عێراقی کردووە.

ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت

ز	ناوی کتێب	بابەت	نووسەر	وەرگێڕ	ساڵ
١٠٨	خوێندنەوەی چەند دەقێکی	خوێندنەوە	سامان محەمەد		٢٠١٠
١٠٩	هەرمێیەکانی فیرعەون	شیعر	ئەحمەدی مەلا		٢٠١٠
١١٠	تەونێک لە شیعر و وشە	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	مەحمود نەجمەدین		٢٠١١
١١١	١١١ نامەی سۆزداری	تێکستی دڵداری	کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:		٢٠١١
١١٢	دانای کوێخا شەوکەت	ڕۆمان	موعتەسەم سائیب		٢٠١١
١١٣	سەمای ڕوح	کورتە چیرۆک	نەوزاد یوسف کاکەیی		٢٠١١
١١٤	سلێکوک هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم	ڕۆمان	عەبدوڵڵا سەراج		٢٠١١
١١٥	خەزان و شنەی بەیان	شیعر	غازی ڕەشید زەنگنە		٢٠١١
١١٦	بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	د.هیمدادی حوسێن		٢٠١١
١١٧	ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا	شیعر	ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان		٢٠١١
١١٨	دەرگاکان	کۆچیرۆک	خالید مەجید فەتحوڵڵا		٢٠١١
١١٩	تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە	کورتیلە چیرۆک	بەکر دەرویش		٢٠١١
١٢٠	گەشەکردنی زمانی مندانێ	زمانی منداڵ		و: د.ئازاد باخەوان و	
١٢١	لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	عومەر عەلی شەریف		٢٠١١
١٢٢	وازیەکانی ڕەشە گۆم	ڕۆمان	کاکە مەم بۆتانی		٢٠١١
١٢٣	شاری لەغەم ئاوسبوو	ڕۆمان	سالار ئیسماعیل		٢٠١١

١٢٤	ململانێ لەگەڵ پرسیاردا	کۆدیدار	دانا عەسکەر		٢٠١١
١٢٥	ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم	دەق	سواڕە نەجمەدین		٢٠١١
١٢٦	عامُ الصَّفْرْ	شعر	صباح ڕەنجدەر	ترجمة: المهندس	٢٠١١
١٢٧	ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە	چەند دەقێکی	عەبدوڵا سلێمان		٢٠١١
١٢٨	لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة	مجموعة حوارات	سردار زنكنه		٢٠١١
١٢٩	دزەکان	کۆمەڵە چیرۆک		ئازاد نەجم	٢٠١١
١٣٠	ڕووبەرێکی پەخنەیی	ڕەخنەی ئەدەبی	د. فوئاد ڕەشید		٢٠١١
١٣١	کتێب	خوێندنەوەی بیست	جەلیل کاکەوەیس		٢٠١١
١٣٢	لە سۆاخی عیشقدا	کۆمەڵە چیرۆک	سەلمان شێخ بزێنی		٢٠١١
١٣٣	عومەر سەیفەدین	لێکۆڵینەوە		و. لە تورکییەوە:	٢٠١١
١٣٤	مەحوی ناسی	لێکۆڵینەوە	هیمداد شاهین		٢٠١١
١٣٥	بەیداخ	نۆڤێت	حەمە کەریم عارف		٢٠١١
١٣٦	زایەڵەی ئاوەسپی	کۆمەڵە بەرهەم	ئا: بەکر دەرویش		٢٠١١
١٣٧	بازاڕی ناوخۆیی	ڕۆمان		و: بورهان ئەحمەد	٢٠١١
١٣٨	ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی	وەرگێڕان		و: لە ڕووسییەوە: گوڵاڵە نوری	٢٠١١